کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-6-2007 0:48 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## زمان... و زمانی کوردی... ! زاگرۆس زەردەشتی

کە دەبێژین زمان ... دەستبەجێ پرسیارێک دێتە گۆڕێ و دەپرسین کام زمان.. ؟ یان زمانی کام گەل و نەتەوە...؟ کەواتا زمان یەکێکە لە پێکهاتە گرنگەکانی هەر نەتەوە و گەلێک. هەر گەل و نەتەوەیەک بە زمانەکەیەوە دەناسرێتەوە، بێگومان ئەو زمانەی کە پتر خزمەتیبکرێت پتر پێشدەکەوێت. ئەو گەل و نەتەوانەی کە زمانەکانیان لە نێو گەلانی جیهاندا بلاو بوونەتە و بوونەتە زمانی بۆ لێک ێتگەیشتن و زمانی هاوبەشی گەلان، ئەم زمانانە پێیان دەگوترێت، زمانە زیندووەکان. ئەگەر نمونەی یەکێک لەو زمانە زیندووانە وەرگرین. ئەوا بەبێ دوودڵی زمانی ئینگلیزییە کە وەک دۆلاری ئامریکایی لە هەموو سوچێکی ئەم جیهانەدا دەچێ. نامەوێ هێندە درێژە بە پێناسەی زمان بدەم، بەلام ئەوەی کە مەبەستی ئەزە لێرەدا زمانی کوردییە.

زمانی کوردی زمانی گەلێکی داگیرکراو بەش، بەشکراوە. هەر بەو پێوانەیە، زمانەکەمان هەر وەک چۆن سەربازی لەشکری داگیرکار خاک و ولاتیان داگیر و سوتماک و تالان و ئەنفالکردووە ئا بەو جۆرەش زمانەکەمان، لە لایەن زمان و وشەی لەشکری داگیرکارەوە بە تالان و دزراو و ئەنفال کراوە. زۆر وشەی کوردی ناسک و شیرین، بە وێنەی کچە چاو گەشە، چاو رەشە ئەنفالکراوەکانمان بۆ ناو زمانی دەوڵەتانی داگیرکراو، ئەنفال و دزراون.

ئەز هەمیشە ئارە زوو دەکەم کە زمانی لێک تێگەیشتن و خۆشەویستی لە نێو گەلاندا هەبێت، ئەز بەو هیوایەم گەلان زمانی یەکتری بزانن و رێز لە بوونی یەکری بگرن. بەلام م (مەحاڵە) گەنگازە، گەلی سەردەستە و کۆلۆنیال زێز لە گەلی داگیرکراو کۆلۆنیالیزە بگرێت، گەلی داگیرکار گەلێکی دز و تالانکار و بکوژە، ئەو داگیکارە کاتێک بە چۆکدا دێت و رێز لە گەلی داگیکرا و دەگرێت، کە بە هێزی لە بننەهاتووی گەل تورپیاندەیتە دەرەوە.

هەروەک گوتم: زمانی کوردیش لە لایەن داگیرکارانی کوردستانەوە، ئەنفال و دزراوە. بۆ نمونە وشەی (ویژدان)، (دەروێش) با ئەم دوو وشەیە لێک داببڕین، دەبینین هەریەکێک لەمانە لە دوو وشەی لێکدرا و پێک هاتووە، لە ئەنجامدا بۆتە ناوێکی لێکدراو. (وشەی وێژ لە کوردیدا دەبێژین (وێژە) بە مانا ئەدەبیات دێت. بەلام لە ئارەبیدا یان لە زمانی فارسیدا، تەنانەت لە زمانی کوردیشدا زۆر جار پیتی (ژ) دەگۆڕێت بۆ (ش) وەکو (دەروێژ) گۆڕدراوە بۆ (دەروێش) ئارەبەکان تیپی (ژ) یان نییە گۆڕیویانە بۆ (ج) دەڵێن (ویجدان) بەلام کە لە کوردیدا پیتێک دەگۆڕێت بۆ پیتێکی تر و لەهەمانکاتدا هەر دوو تیپەکەشمان هەیە، من هۆکەی دەگێڕمەوە بۆ ئەوەی کە گەلی کورد زۆربەیان نەخوێندەوان بوون و زمانەکەمان هەر دەماو دەم بووە و هیچ شتێکی وای پێنەنوسراوەتەوە، لە هەمانکاتیشدا، هەستیش بەو هەلانە نەکراوە، بۆیە هەندێ وشە بە ناراست یان بە تێکشکاوی بەکاریان دێنین. نمونە وشەی (دووشمن)، هەڵەیە، راستییەکەی (دژمنە) واتا وشەی (دژ – من) لە کودیدا بە خوشکی مێردی ژن دەگوترێت: (دش) بەلام راستیەکەی (دژە) . کەواتا بەم نمونانە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەشێت داگیرکارانیش هەر لە وشە هەڵە کوردیەکەوە وشەکانیان دزیبین. وەکو گوتم (دەروێش) راستیەکەی (دەر ــ وێژ) ژە. وەکو دەزانین (دەروێژەکان) کاتێک سۆز دەکەن، دەکەونە گوتنی بابەتی لاواندنەوە و بەدەم سۆزەوە شێوەیەک لە پەخشان بەسەر (شێغ و پیاوچاکاندا) لە شێوەی گۆرانی و هۆرەدا دەچڕن و پەسن دەکەن، هەر بۆیەش پییان دەگوترێت: (دەروێژ) . لە زمانی کوردیدا وشەی (دان) بەمانی شوێن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دێت، واتا شوێنی ئەو شتە دێت، گوڵدان، مەیدان، مەمکدان، مناڵدان، مە وایە، دەبێت هەمیشە لە بژار و خزمەتکردنیدا بیت، بۆ ئەوەی هەمیشە پارا و و رازاوە بێت و لە گیاکەڵەی زمانی داگیرکار بیپارێزێت.

گەلی کورد چۆن دەبێت سۆراخی کچە ئەنفالکرا و گۆڕە بەکۆمەڵەکانی بکات، دەبێت ئاواش سۆراخی ئەو وشە و کلتورە دزراونەمان بکەین و بیان گێڕینەوە بۆ باوەشی دایکی زمانی کوردی. پێویستە زمانی کوردی پاکسازی تێدا بکرێت، و هەوڵبدرێت، بناخەی زمانی یەکگرتووی کوردی دارێژێت، سود لە هەموو زاراوکانی کوردی وەرگیرێت.

زمانی کوردی زمانێکی دەوڵەمەند و زیندووە، دەکارێت لە ماوەی چەند ساڵێکی کورتدا گەلێک بەرەو پێش ببرێت، ئێستاکە گەلی کورد خاوەنی میدیای خۆیەتی و کەناڵە ئاسمانیەکانی کورد دەتوانن رۆڵی مەزن وازی بکەن. جگە لەوەی ئەستێرەی سینەمای کوردی لە درەوشانەوەدایە، کورد دەکارێت لە رێگای سینەماوە زمانەکەی بەگەلانی جیهان بناسێ و لە هەمانکاتدا بینەری کوردیش بە زاراوە جۆراو جۆرەکانی زمانی کوردی ئاشنا بکات.

ئەز دەخوازم، لەم نوسینەدا، چەند وشەک بۆ وەرزشوانە بەرێزەکان کە تایبەتە بە یاری (تۆپی پێ) بخەمە پێش چاویان، بۆ نمونە، لە یاریە وەزشیەکاندا بۆ (حەکەم) بە کوردی دەبێژن: (ناوبژیوان) . لە راستیدا ئەو وشەیە پتر بۆ کەسێک، یان کۆمەڵێک دەگوترێت، کە بۆ ناوبژی شەڕی نێوان کەسێک یان چەند کەسێک پێناسە بکرێت. ئەم ناوەش دوورە لە پرەنسیپی یاریەوە. من پێم باشە لەبی ئەوە وشەیە وشەی (نێوان وان) بەکار ببرێت.

لە بری وشەی (گۆڵچی) کە کوردی نییە، پاشگری ناوەکە وشەیەکی (تورکیە) واتا وشەی (چی) تورکییە. لەبری ئەوە دەکارین وشەی (گۆڵگر) بەکاربێنین.

لە کوردیدا لە بری ئەو کەسەی کە (چاودێری هێڵەکان) دەکات کە بە ئارەبی پێیدەگوترێت: (مراقب خگ) کە بە ئینگلیزی پێیدەگوترێت Lineman : بە کوردیش وشەی (هێڵڕوان) بەکاربهێنرێت.

تاکو ئێستاش لە زمانی کوردیدا بە هەڵە وشەی (کاتژمێر) بۆ کات و بۆ ئامێرەکەش بەکاردەهێنرێت. ئەمە لە کاتێکدا وشەی (کاتژمێر) تەنیا بۆ ئامێرەکەیە، کە (کاتەکە دەژمێرێت) . بەلام ئەو ناوە بۆ (کاتەکە) نا راستە.

ئەگەر سەرنجێکی زمانی گەلانی تر بدەین، ، دەبینین ئەم شتە جودایە. لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (Watch) بۆ (ئامێرەکە) بەکاردێت و وشەی ((Time بۆ (کات) بەکاردێت.

لە زمانی سویدیشدا هەر هەمان جودایی بەکار دێن. کەواتا دەکرێت لە زمانی کوردیشدا هەمان شێوەی زمانەکانی تر ئەو جوداییە بەکار بهێنرێت. زمانی کوردی زمانێکی هیندۆئاوروپیەو لە زۆر رووە وە دەکارین لە رووی زانستیەوە سود لە زمانە پێشکەوتووەکانی ئاوروپی وەرگرین.

من پێم باشە وشەی (کاتژمێر) وەک خۆی بۆ (ئامێر) کە بەکاربهێنرێت، وشەی (کاژێر) بۆ کاتە بەکار بهێنرێت.

بۆ نمونە: دەکارین بێژین: (کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ ئاهەنگەکە دەستپێدەکات، ماوەی سێ کاژێر دەخایەنێت) .

ستۆکهۆڵم
07. 06. 2007
سوید ستۆکهۆڵم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.